# هاوپەیمانیی تۆڕ و ڕێکخراوە نیشتمانییەکان بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی عێراق

**ناوەندی ڕاگەیاندن**

**بەغداد، 10 تشرینی دووەم 2025**

**ڕاپۆرتی بەرایی سەبارەت بە**
**چاودێریکردنی دەنگدانی تایبەت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 2025**

## پێشەکی

هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق وێستگەیەکی جومگەییە لە ڕەوتی گواستنەوەی دیموکراسی و بەهێزکردنی بەشداری سیاسیدا. بەهۆی ئەو ئاستەنگە ئەمنی و کارگێڕی و تەکنیکییانەی ڕوبەڕوی پرۆسەی هەڵبژاردن دەبنەوە، ڕۆڵ و بایەخی چاودێریکردنی سەربەخۆ زیاتر دیتەپێشەوە بۆ دڵنیابوون لە پاک و بێگەردیی و شەفافیەتی دەنگدان.

لەم ڕاستایەدا، **هاوپەیمانیی تۆڕ و ڕێکخراوە نیشتمانییەکان بۆ چاودیریکردنی هەڵبژاردنەکانی عێراق** پرۆسەیەکی چاودێریی بەرفراوانی لە ڕێگەی هەزاران چاودێری ڕاهێنراوی مەیدانییەوە ئەنجامدا، کە سەرجەم قۆناغەکانی ڕۆژی دەنگدانی لە پارێزگا جیاجیاکانی گرتەوە و (8347) فۆڕمی چاودێری ئەلەکترۆنی کۆکرانەوە و شیکرانەوە، کە نیشاندەری ڕێکخراوەیی، تەکنیکی، ئەمنی و ڕەفتاریی لەخۆگرتووە، بەمەش وێنەیەکی ورد و گشتگیر لە واقیعی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دابینکرا.

ئەم هەوڵەی چاودێریکردن تەنها ئامانجی بەڵگەنامەکردنی پێشێلکارییەکان نییە، بەڵکو هەوڵدەدات لێپرسینەوە بەرەوپێش ببات، پێشنیاری پراکتیکی پێشکەش بکات بۆ باشترکردنی ئەدای دامەزراوەیی و ڕێزگرتن لە مافەکانی دەنگدەران و دروستکردنی ژینگەیەکی هەڵبژاردنی دادپەروەر و سەلامەت بۆ هەموو لایەنەکان.

## پوختەی جێبەجێکار

ڕۆژی دەنگدانی تایبەت لە عێراقدا – 9ی تشرینی یەکەمی 2025 – پرۆسەیەکی چاودێریی بەرفراوانی بەخۆوە دی، کە لەلایەن هاوپەیمانی تۆڕ و ڕێکخراوە نیشتمانییەکانەوە ئەنجامدرا و تێیدا (2250) چاودێری جێگیر و (30) تیمی گەڕۆک بەشدارییان تێداکرد و لەوانەوە 8 هەزار و 347 فۆڕمی چاودێری لە 18 پارێزگاوە کۆکراونەتەوە و بەسەر هەریەک لە قۆناغەکانی کردنەوەی وێستگەی دەنگدان، بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان، داخستنی وێستگەی دەنگدان، ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکاندا دابەشکراون، لەگەڵ تۆمارکردنی ڕووداوەکان و هەڵسەنگاندنی سەرلەبەری پرۆسەکە، کە ئەمەش هێزێکی زیاتر بە ڕاپۆرتەکە دەبەخشێت و هەمەجۆریی ئیداری و ئەمنی لە وڵاتدا عەکسدەکاتەوە.

### ◆ هێزی نمونە و هەمەجۆریی پێوەرەکان

- فۆرمەکان 33 پێوەری چاودێریکردنیان لەخۆگرتبوو، کە لایەنی ڕێکخراوەیی، تەکنیکی، ئەمنی و ڕەفتاریی دەگرێتەوە.
- 3,273 ڕووداو و پێشێلکاری هەڵبژاردن تۆمارکراون، کە قەبارەی ئەو ئاستەنگە بونیادیانە عەکسدەکاتەوە کە ڕوبەڕوی پرۆسەی هەڵبژاردن دەبنەوە.
- جیاوازبوون لە ئەدای کارکردن لە نێوان پارێزگاکان و تیمەکانی هەڵبژاردندا ڕێگەی بە شیکارییەکی بەراوردکاریی دا بۆ تیشکخستنە سەر خاڵە بەهێز و لاوازەکان.

### ◆ ئاماژەکانی جیاوازیی

- هەندێک لە وێستگەکان ئاستێکی بەرزی پابەندبوونیان بە ڕێکارەکانەوە نیشانداوە، لە کاتێکدا هەندێکی دیکەیان پێشێلکاریی زۆریان تۆمارکردووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی جیاوازییە لە ڕاهێنان و چاودێریکردن و ئامادەکاریی.
- ئەو جیاوازییەی دروستبووە یەکخستنی پێوەرە ڕێکارییەکان و پەرەپێدانی میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردنی ناوخۆیی و دەرەکی دەخوازێت.

### ◆ سەنگ و قەبارەی چاودێریکردنی هاوپەیمانیی تۆڕ و ڕێکراوەکان

چاودێرانی هاوپەیمانیی تۆڕ و ڕێکخراوەکان ڕوومالێکی گشتگیرانەی ڕۆژی دەنگدانی تایبەتیان کرد بە ناردنی (8347) فۆرمی چاودێری بەم شێوەیەی خوارەوە:

| جۆری فۆرم | ژمارە |
|---|---|
| فۆرمی چاودێریکردنی بنکەکانی دەنگدان | 2,132 |
| فۆرمی چاودێریکردنی ڕەوتی بەڕێوەچوونی دەنگدان | 2,045 |
| فۆرمی چاودێریکردنی داخستن و ژماردن و جیاکردنەوە | 2,055 |
| فۆرمی تۆمارکردنی ڕووداوەکان | 674 |
| فۆرمی هەڵسەنگاندنی سەرتاپای پرۆسەکە | 1,441 |
| **کۆی گشتی** | **8,347** |

ئەم داتا و ژمارانە ڕەنگدانەوەی دەستراگەیشتنێکی بەرفراوان و وردبینی سیستماتیکن لە چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەلایەن هاوپەیمانییەوە، ئەمەش متمانەی ئەنجامەکان بەرز دەکاتەوە و هێزێکی زۆر مەزن بە شیکارییەکە دەبەخشێت.

### لە دیارترین شێوازەکانی پێشێلکاریی

#### ١- کێشەی ڕێکخستن و تەکنیکی

- دواکەوتنی کردنەوەی هەندێک لە ویستگەکان.
- لەکارکەوتنی هەندێک لە ئامێرەکانی دڵنیایی و ناردنی ئەلەکترۆنی.
- ئامادەنەبوونی ئەندامانی تیمی هەڵبژاردن لە دیالە و نەجەف.

#### ٢- چەند پێشێلکارییەکی کاریگەر لەسەر پاک و بێگەردی دەنگدان

- دەنگدان بەبێ ناسنامەی فەرمی لە بەغداد و نەینەوا.
- دەنگدانی بە کۆمەڵ و بردنە ژوورەوەی مۆبایل لە موسەننا و بەغداد.
- بوونی جیاوازی لە نێوان ئەنجامی دەستی و ئەلەکترۆنی لە هەولێر و بابل.

**٣- پێشێلکاریی بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ**

- ڕێگەگرتن لە هاوکاریکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە نەجەف و موسەننا.
- دەنگنەدان بەهۆی گرفتەکانی پەنجەمۆر و وێنەوە لە نەینەوا و بەغداد.

**٤- دەستێوەردانی سیاسی و ئەمنی**

- دەستێوەردانی هێزە ئەمنییەکان لە ئەنبار و بەغداد.
- فشارکردن لە بریکارانی حزبەکان لە نەینەوا و سلێمانی.
- تۆمارکردنی چەندین حاڵەتی هەڕەشەکردن و دەمچەورکردن لە چەندین بنکەی دەنگداندا.

**ڕێژەی سەرپێچییەکان بەپێی جۆر:**

| جۆری سەرپێچی | ڕێژەی خەمڵێنراو |
|---|---|
| کێشەی تەکنیکی | 35% |
| دواکەوتنی پرۆسەکە | 25% |
| کێشەی ئەمنی | 20% |
| سەرپێچی ڕێکاریی | 15% |
| کێشەی لۆجستی | 5% |

**شیکاریی ڕووداو و سەرپێچییەکان لە ڕۆژی دەنگداندا**

بە گشتی (3273) ڕووداو و پێشێلکاریی هەمەجۆر لە هەڵبژاردنەکەدا تۆمارکراون و سەرجەمیان بەڵگەدارن بە فۆڕمی چاودێری جۆراوجۆر، کە هەریەک لە قۆناغەکانی کردنەوەی بنکە و وێستگەی دەنگدان، چۆنێتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان، داخستنی وێستگەکان و ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان و لایەنی ئەمنی و ڕێکخستن لەخۆگرتووە. ئەم داتایانە قەبارەی ئەو ئاڵەنگاری و تەحەددیایانە دەردەخات، کە ڕووبەڕووی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆتەوە، هاوکات بنەما و زەمینەیەکیش بۆ دەستنیشانکردنی ئەولەویەتەکانی چاکسازی دەستەبەر دەکات.

- **سەرپێچییە تۆمارکراوەکان:**

  - **دەنگدان بەبێ بوونی دووەم ناسنامەی فەرمی : 40 سەرپێچی**
  - **دەنگدانی بە کۆمەڵ : 92 سەرپێچی**
  - **بوونی کەسانی ڕێگەپێنەدراو لەناو ویستگەکانی دەنگداندا : 89 سەرپێچی**
  - **سکاڵاکردن لە دژی ئەنجامە ڕاگەیەندراوەکان : 68 سەرپێچی**
  - **بردنەژوورەوەی مۆبایل بۆ ناو وێستگەکان و وێنەگرتنی کارتی دەنگدانەکانیان**

**ئەم کەیسانە کاریگەری دادەنێن لەسەر کرۆکی پرۆسەی دیموکراسی و پێویستیان بەوەیە پێداچوونەوە بکرێت بە میکانیزمەکانی پشتڕاستکردنەوە و بەڵگەنامەکردن.**

- **سەرپێچی ئەمنی و ڕەفتاریی:**

  - **ڕێگەگرتن لە ئامادەبوونی بریکارانی قەوارە سیاسییەکان : 86 سەرپێچی**
  - **ڕێگەگرتن لە ئامادەبوونی چاودێرەکان لەکاتی کردنەوەی ویستگەکاندا : 89 سەرپێچی**
  - **هەڕەشەکردن یان دەمچەورکردن : 28 سەرپێچی**

- سنوردارکردنی جووڵە و زەوتکردنی مافەکانی چاودێران : 89 سەرپێچی
- هەوڵدان بۆ ریگەگرتن لە گەیستنی دەنگدەران : 23 سەرپێچی

**ئەم پێشێلکاریانە ئاماژەن بۆ دەستوەردانی بێ پاساو لە ئازادی چاودیریکردن و بەشداریکردن، ئەمەش پێویستی بە پاراستنێکی روون هەیە.**

- **سەرپێچیی رێکاریی و تەکنیکی:**

- درەنگکەوتن لە کردنەوەی ویستگەکان : 108 سەرپێچی
- جێبەجێ نەکردنی رێکارەکانی داخستنی ویستگەکان : 61 سەرپێچی
- نەناردنی ئەنجامەکان بە رێگەی ئەلەکترۆنی : 65 سەرپێچی
- دواکەوتن یان شکستهێنان لە چاپکردنی شریتی ئەنجامەکان : 115 سەرپێچی

**ئەم داتایانە نیشاندەری لاوازین لە ئامادەیی تەکنیکی و کارگێڕیدا و کاریگەری لەسەر وردیی ئەنجامەکان و خێرایی ڕاگەیاندنیان هەیە.**

| ژمارە | کۆی رووداو و پێشێلکارییەکان |
|---|---|
| 95 | ئامادەنەبوونی هەریەکێک لە کارمەندانی وێستگەی دەنگدان پێش کاتی دیاریکراوی کردنەوەی وێستگەکە. |
| 86 | رێگەگرتن لە ئامادەبوونی بریکارانی قەوارەی سیاسی لە کاتی کردنەوەی وێستگەی دەنگدانەکەدا. |
| 89 | رێگەگرتن لە ئامادەبوونی چاودێرانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کاتی کردنەوەی وێستگەی دەنگدانەکەدا. |
| 791 | نەخستنەڕووی رێکارەکانی کردنەوە بە بەرچاوی ئامادەبووانەوە. |
| 108 | دواکەوتنی کردنەوەی وێستگەی دەنگدان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا (کاتژمێر7:00ی بەیانی) |
| 126 | کێشەگەلی تەکنیکی پەیوەست بە ئامێری دڵنیایی و خێرا ژماردنی دەنگەکان لە سەروبەندی کردنەوەی وێستگەدا. |
| 238 | بوونی پروپاگەندەی هەڵبژاردنی حزبەکان و کاندیدەکان لەناو بنکەی دەنگدان یان لە چوادەوری بنکەکە |
| 23 | رێگەگرتن لە گەیشتنی دەنگدەران بە بنکەکانی دەنگدان. |
| 89 | بوونی کەسانی رێگەپێنەدراو لەناو ویستگەکانی دەنگداندا. |
| 61 | دوورخستنەوەی چاودیر یان بریکاری حزب و کاندیدی تاکەکەسی لە وێستگەی دەنگداندا. |
| 40 | دەنگدەر بەبێ نیشاندانی ناسنامەی کەسی خۆی دەنگبدات. |
| 0 | رێگەگرتن لە هاوکاریکردنی کەسانی بەساڵاچوو یان کەمئەندامان. |
| 92 | دەنگدانی بە کۆمەڵ و دەستەجەمعی |
| 51 | راگرتنی پرۆسەی دەنگدان بە شیوەی فەرمی |
| 35 | کەندو کۆسپ دروستکردن لەبەردەم پرۆسەی دەنگداندا. |
| 28 | ژمارەی ئەو سکاڵایانەی لە وێستگەکاندا پێشەشکراون. |
| 0 | بێبەشبوونی دەنگدەر بەهۆکاری نەخوێندنەوەی پەنجەمۆر یان هاوتاکردنی وێنەی روخساری دەنگدەر |
| 0 | دواکەوتنی پرۆسەی دەنگدان بە هۆی لەکارکەوتنی ئامێرە تەکنیکییەکانەوە. |
| 81 | بێلایەن نەبوونی کارمەندانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان. |

| | |
|---|---|
| جێبەجێ نەکردنی ڕێکارەکانی داخستنی وێستگە لەلایەن بەڕێوەبەری ویستگەکە. | 61 |
| نەناردنی ئەنجامەکانی ویستگە بە شیوەی ئەلەکترۆنی. | 65 |
| دواکەوتن یان نەزانینی بەڕێوەبەری وێستگە لە راکێشانی شریتی ئەنجامەکان. | 115 |
| بوونی جیاوازیی لە نێوانی ئەنجامی ئەلەکترۆنی و دەستیدا. | 67 |
| سکاڵاکردن لەسەر ئەنجامی راگەیەندراوی وێستگەکان. | 68 |
| دوورخستنەوەی چاودێر یان بریکاری لیستەکان لە کاتی ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکاندا | 134 |
| هەڕەشە یان دەمچەورکردن بە ئامانجی دەنگدان. | 28 |
| سنوردانان بۆ جووڵە و هاتوچۆی چاودیران | 89 |

**کۆتایی**

ئەنجامەکانی چاودێریکردنەکە جەخت لەوە دەکەنەوە، کە پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراقدا هێشتا روبەڕوی ئاستەنگی بونیادیی بۆتەوە و پێویستی بە چاکسازیی جددی هەیە، بەتایبەتی لەرووی بەڕێوەبردنی مەیدانی، بێلایەنی دەزگا ئەمنییەکان و گەرەنتیکردنی لەوەی چاودێران و هاووڵاتیان بەبێ بەربەست دەستیان بە مافەکانیان بگات.

هاوپەیمانی تۆڕ و ڕێکخراوە نیشتمانییەکان ئەم ڕاپۆرتە پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات – لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانەوە تا دەگاتە دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن – وەک سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو بۆ باشترکردنی سیاسەتەکانی هەڵبژاردن و پەرەپێدانی میکانیزمەکانی چاودێریکردن و بەرزکردنەوەی متمانەی هاوڵاتیان بە پرۆسەی دیموکراسی.

ئەوەی وەک ئاماجی باڵا دەمێنێتەوە بیناکردنی سیستمێکی هەڵبژاردنی عێراقییە کە زیاتر شەفاف و دادپەروەرانە بێت و نوێنەرایەتی زیاتری ئیرادەی گەل بکات.

رووماڵی میدیایی بە هاوکاری لەگەڵ سەکۆی (https://964media.com)دا دەبێت.

لایەنەکانی هاوپەیمانییەکە ئاماژەیان داوە بەوەی کە نیازی دەرکردنی زنجیرەیەک ڕاپۆرتی خولییان هەیە بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| بابەتی کۆنگرەکە | کات | بەروار |
|---|---|---|
| ڕاپۆرتی بەرایی لەبارەی عملية الاقتراع الخاص | 11:00ی بەیانی | 2025-11-10 |
| ڕاپۆرتی ڕووداوەکان لە کاتی پرۆسەی کردنەوەدا | 9:00 ی بەیانی | 2025-11-11 |
| ڕاپۆرتی ڕووداوەکان لە کاتی پرۆسەی دەنگداندا | 3:00 نیوەڕۆ | 2025-11-11 |
| ڕاپۆرتی ڕووداوەکان لە کاتی پرۆسەی داخستن و ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان لە بنکەکاندا | 8:00ی شەو | 2025-11-11 |
| ڕاپۆرتی بەرایی لەبارەی ڕۆژی دەنگدانی گشتی<br>بەغداد : هۆتیلی مەنسور میلیا<br>هەولێر : هۆتیلی ئەربیلی نێودەوڵەتی ( شیراتۆن) | 12:00 نیوەڕۆ | 2025-11-12 |

**لیستی ناوەکان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندندا**

| ناوی تۆڕ یان رێکخراوەکان | ناوی سیانی | پاریزگا | ژمارەی مۆبایل |
|---|---|---|---|
| تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن | هۆگر چەتۆ شێخە | هەولێر | 07701387538 |
| تیمی چاودیرانی رێکخراوی تەموز | ڤیان شێخ عەلی | هەولێر | 07704619000 |
| تۆڕی عەین بۆ چاودێریی هەڵبژاردن و دیموکراسی | سەعد جەبار ئەلبەتات | بەغداد | 77028361030 |
| تۆڕی چاڤ بۆ چاودێریی دیموکراسی و مافی مرۆڤ | سەربەست مستەفا رەشید | دهۆك | 07504840094 |
| پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE | ئارام جەمال سابیر | سلێمانی | 07701573210 |
| تۆڕی هاوپەیمانێتیی کەمینەکان لە عێراق | هێدي سەرکار | هەولێر | 07507809005 |
| مؤسسة النور الجامعة - بعثة نراقب | احمد جسام محمد | دیاله | 07710204202 |
| تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن | رؤى خلف شرهان | بەغداد | 7717776461 |
| تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن | محمد فاضل | بەغداد | 7736628477 |
| تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن | ريا فايق اسماعيل | بەغداد | 07721695713 |
| تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن | هوشيار سلام مالو / زمانی ئنگلیزی | هەولێر | 07504481557 |
| تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن | حسين محمد حسون | کەربەلا | 07715064767 |
| تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن | حسن عبد الكريم حامد | بەسرە | 07729927929 |
| تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن | ثائر علي حمودي | بەسرە | 07703262362 |
| تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن | ياسر عبد الجواد الحمداني | نەینەوا | 07701630475 |
| تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن | د. صلاح عربي عباس | کەرکوك | 07701031054 |
| تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن | حمدي عبدالباقي برواري | دهۆك | 7504506574 |
| تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن | لاس عبدالرسول | سلێمانی | 07714594595 |
| تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن | حازم صافي | بابل | 7723634963 |
| تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن | دشتي صديق محمد | هەولێر | 7504632421 |
| تۆڕی چاڤ بۆ چاودێریی دیموکراسی و مافی مرۆڤ | دلكش صادق | دهۆك | 07502641602 |
| تیمی چاودیرانی رێکخراوی تەموز بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی | د.ايفان كريم شناوة | بەغداد | 7707799189 |
| تیمی چاودیرانی رێکخراوی تەموز بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی | د.كوفند شفيق | هەولێر | 7504497350 |
| تیمی چاودیرانی رێکخراوی تەموز بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی | رزاق عبيد ظاهر | زیقار | 7800501210 |
| تۆڕی عەین بۆ چاودێریی هەڵبژاردن و دیموکراسی | د. وائل منذر | بەغداد | 7710619441 |
| تۆڕی عەین بۆ چاودێریی هەڵبژاردن و دیموکراسی | محمد ابراهيم الجبوري | کەرکوك | 7701333865 |
| تۆڕی عەین بۆ چاودێریی هەڵبژاردن و دیموکراسی | كريمة الطائي | دیوانیە | 07727325658 |
| تۆڕی عەین بۆ چاودێریی هەڵبژاردن و دیموکراسی | عمار عبد علي | واسیت | 07803208461 |
| تۆڕی عەین بۆ چاودێریی هەڵبژاردن و دیموکراسی | طارق عبد الكريم | ئەنبار | 07804739708 |
| تۆڕی عەین بۆ چاودێریی هەڵبژاردن و دیموکراسی | حيدر العوادي | موسەننا | 07801056752 |
| تۆڕی هاوپەیمانێتیی کەمینەکان لە عێراق | هيدي سەرکار زمانی ئینگلیزی | هەولێر | 07507809005 |
| تۆڕی هاوپەیمانێتیی کەمینەکان لە عێراق | وليەم وردا / زمانی ئینگلیزی | بەغداد | 07711735588 |